# ئاستی هەناردەی نەوتی عێراق لە ١٥ ڕۆژی مانگی نیساندا

٢٠٢٣/٤/١٦


بەپێی ئەو ئامارانەی لە بەردەستی ڕوونبینە، کڕیارانی نەوتی عێراق لە باشورەوە و لە ڕێی کەنداوی عەرەبییەوە لە نێوان ١ی نیسان تا ١٥ نیسانی ٢٠٢٣دا بڕی ٥٨.٨ ملیۆن بەرمیل نەوتیان بارکردووە. کە بەتێکڕا ڕۆژانە ٣.٤٢ ملیۆن بەرمیل دەکات لەو ماوەیەدا.

چین لە پێشەنگی کڕیارانی نەوتی عێراق دێت ١٦.٨ملیۆن بەرمیلی بارکردووەکە دەکاتە ڕێژەی ٣٠.٧٥٪ ، وهیندستان لەپلەی دووەم دێت بە ١٢.٧ ملیۆن بەرمیل بەڕێژەی ٢٣.٢١٪ و بڕی ٨.٧ ملیۆن بەرمیل کە ڕێژەی ١٦٪ ـە یە تا ئێستا ئاراستەکەی دیارنییە بۆ کوێ دەچێت. میسر لە پلەی چوارەم و تورکیا لەپلەی پێنجەمی کڕیارانی نیوەی یەکەمی مانگی نیسانی عێراقن.


بەپێی بەدواداچوون و چاودێرییەکانی ڕوونبین، لەگەڵ ڕاگرتنی هەناردە لە ٢٥ی ئازاری ڕابوردوو لەڕێی بەندەری جەیهانی تورکیاوە، ئاستی هەناردە لە باشورەوە زیادی کردووە و لەو ڕێگەیەوە وەزارەتی نەوت تا ئێستا توانیویەتی بۆشایی وەستانی هەناردەی باکور و هەرێمی کوردستان پڕبکاتەوە.

## خشتەی کڕیاران و بڕی نەوتی بارکراوی عێراق لە باشورەوە:

| کڕیار | بڕ/بەرمیل | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| چین | 16,855,267 | 30.75% |
| هیندستان | 12,721,059 | 23.21% |
| نەزانراو | 8,773,763 | 16.01% |
| ئیمارات | 5,093,248 | 9.29% |
| میسر | 3,910,967 | 7.14% |
| تورکیا | 3,096,635 | 5.65% |
| کۆریای باشور | 1,096,490 | 2.00% |
| سعودیە | 1,090,099 | 1.99% |
| ئیتالیا | 1,015,312 | 1.85% |
| ئەوانی تر | 1,152,978 | 2.10% |
| **کــــۆ** | **54,805,818** | **100%** |
| **تێکڕای ڕۆژانە** | **3,425,364** | |




## نەوتی بارکراوی عێراق لە ١تا ١٥ی نیسان




**تێبینی:** تا بڵاوکردنەوەی ئەم داتایانە هەناردەی هەرێم و کەرکووک لە ڕێی تورکیاو بەندەری جەیهانەوە دەستی پێ نەکردووەتەوە ، کە لە بەرواری ٢٥ی ئازارەوە ڕاگیراوە.